**سەردار عەزیز:** ڕەنگە گەنجەکان وا هەست بکەن کە دەسەڵات تەنها بۆ شەڕ نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر ئەوانی ناوێت، بۆیە ئەگەر بیانەوێت بە ژیانێکی دیکە ئاشنابن دەبێت بڕۆن بۆ سرە زەمینێکی تر.

# لە کونجێکەوە بەرە ودونیا

## چاوپێکەوتنی ئاسۆی گەنج لەگەڵ سەردار عەزیز

ئینتەرڤیو: هەردی مەهدی

دەرکەوتنەوەی کۆچی گەنجان وەک دیاردەیەک لە دوای ڕوخانی ڕژێمەوە لە فۆرمێکی نوێ و بە بەهانەی نوێ جێگای ئەوەیە کە هەڵوەستەی لەسەر بکەین بۆ ئەم مەبەستە ئاسۆی گەنج تەوەرێک سازدەکات بۆ خستنەڕووی بۆچونی ڕۆشنبیران لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لەم ژمارەیەدا بەڕێز سەردار عەزیز لە ئێرلەنداوە دەبێتە میوانی تەوەرەی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەمان..

**ئاسۆی گەنج:** پاش ڕوخانی سەدام تا ڕادەیەک دیاردەی کۆچ کەوتە کزی وئەو شەپۆلە کۆچە بۆ هەندەران کەمبویەوە، بەڵام ئێستا دەست پێکراوەتەوە وشەپۆلێکی بەرفراوانی گەنجان ڕوودەکەنە هەندەران، ئەمجارەیان فاکتەرەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

سەردار عەزیز : کۆچ ڕووداوە. ئەم ڕوداوە چەندین ڕەهەندی هەیە. ڕەهەندی ئابوری، کۆمەلایەتی، کەلتوری، ڕامیاری، وە هەروەها خودی. ئەگەر بۆ ساتێ دڵسۆزیانە بیرکەینەوە، ڕووداو دوو ئاستی هەیە. ئاستێکیان ئەکچواڵە، کە فیزیکی کۆچە، ئاستی دووەمیان ڤێرچواڵە کە ساتەوەختی پێش وپاش ڕووداوە.

بۆیە ئەو ڕەهەندانەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد کاریگەریان هەیە لە ڕوودانی ڕووداوی کۆچدا، لەهەمان کاتدا ئەو ڕەهەندانەش گۆڕانیان بەسەردا دێت کاتێک کە ڕووداوی کۆچ ڕوودەدات، ئەگەر بمانەوێت لە مێژوی ئەم دواییەی کۆچ بگەین ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم مێژووە لە شێوەی دۆڵێکی قوڵدایە لە ناوەڕاستی بیابانێکدا. یان بە مانایەکی تر، کۆچ بە شێوەی لێشاوبوو، کزبوو، گەڕایەوە بۆ دۆخی لێشاو. کەواتە ڕەوایە بپرسین ئێمە وەک کۆمەڵگایەک لەڕووی ئابوری کۆمەلایەتی وکەلتوری وڕامیاری وخودیەوە گەڕاینەوە بۆ ساتەوەختی پێش ڕوخانی ڕژێم. بۆ ئەوەی ئێمە بەباشی تێبگەین پێویستە زیاتر وە بەشێوەیەکی زانستیانە لە ساتەوەختی ڕوخانی ڕژێم بکۆڵینەوە. بەڕوخانی ڕژێم ئاسۆیەکی نوێ کراوەیەوە، کە لەگەڵ خۆیدا ئایدۆلۆژیایەکی نوێی بۆ ژیان هێنا. من لێرەدا چەمکی ئایدۆلۆژیا بە یەکێک لەو مانایانە بەکاردەبەم کە (لوی ئالتۆسێر) کاری لەسەر کردووە، ئەویش ئایدۆلۆژیا وەک تراویلکەیەک بۆ بەخشینی مانەیەک بە ژیان. کە ڕژێم ڕووخا، گەشبینیەک بەرامبەر داهاتوو هاتە کایەوە. بۆیە دەتوانین سێ هێڵی هاوتەریب بکێشین. هێڵی یەکەم: ڕوخانی ڕژێم، کە مایەی خۆشحاڵی هەموان بوو، ڕەهەندی ڕامیاری. هێڵی دووەم: ئەو لافاوە بەربلاوە لە شتومەک بەنرخێکی هەرزان، ڕەهەندی ئابوری. هێڵی سێهەم: گەشبینی بەرامبەر داهاتوو، ڕەهەندی خودی.

ئەگەر ئێستا بپرسین: ئایا ئێستا هەریەک لەو هێڵانە گشتنە بن بەست. بەمانایەکی تر، ئایا ڕوخانی ڕژێم، نەبووە هۆی گۆڕانی ڕژێم، یان هاتنە ئارای شێوازێکی دیمەکراتیانە لە ڕامیاری کە خەمی هاوڵاتیان بێت نەک دەسەڵاتداران وەک جاران. ئایا کوردستان لەڕوی ئابوریەوە چووە قۆناغی نیولیبراڵەوە، کە هەموو شتێک لەبازاڕدا هەیە بەڵام هەتابێت خەڵک توانای کڕینیان کەم دەبێتەوە. سیاسەتی نیولیبراڵ کە دەسەڵاتی کوردی بە شێوازێکی سەقەت پیادەی دەکات، وەک زۆربەی تری وڵاتانی جیهانی سێ، جگە لە هەلاوسانی شار وگەشەکردنی شانتی تاون، ماڵی لە قوڕ وتەنەکە وهەژاری هیچی تر بەو کۆمەڵگایانە نەبەخشیوە. کەواتە نە دیموکراتیەت لەئارادایە، بۆ ئەمەش تەنها وەڵامدانەوەی تاکە پرسیارێک بەسە، ئایا گەندەڵی بەهێزە لە کوردستان یان دیمەکراسی؟ کە گەندەڵی گەورەترین ڕێگرە لە دیموکراسی، نە ئابوری بۆ هەموانە یان هەرزانە. نە داهاتوو هیچ موژدەیەکی پێیە.

**ئاسۆی گەنج:** دەسەڵاتی سیاسی تا چەند بەرپرسیارە لەم لێشاوی بەجێهێشتنی نیشتمانە؟

سەردار عەزیز: دەسەڵاتی کوردی، چ جۆرە دەسەڵاتێکە. ئایا کەس دەزانێت کە داهاتی کوردستان چەندە وچۆن سەرف دەکرێت. ئەگەر فەلسەفەی دەسەڵاتی کوردی کوردایەتیە، یان بەمانایەکی تر، کورد دەبێت حاکمی کورد بێت. بەداخەوە ئەمڕۆ چەمکی کوردایەتی لە هەموو شتێک زیاتر مانایەکی بازرگانیانەی هەیە. دەسەڵاتی کوردی قۆرخکراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو زیاتر قۆرخکردن دەچێت. داهات بۆ دەسەڵاتداران، شەڕ بۆ هەژاران. کە (کانت) وتاری ئاشتی هەتاهەتایی نوسی بڕوای وابوو نەتەوە دیموکراتەکان ناچنە شەڕەوە، چونکە شەڕ بە زەرەری هەموو هاولاتیان دەشکێتەوە، وە لە سیستمی دیموکراتیدا هاوڵاتی سەرچاوەی دەسەڵاتن. بەڵام (کانت) لەوە بێئاگابوو کە لە کۆمەڵگای بەناو دیموکراسیدا هەموان لە ئاستێکدا نین. هەن بۆ شەڕ وهەن بۆ خۆشی. ڕەنگە ئەمڕۆ ئاگاییەک هاتبێتە ئاراوە، ئەوانەی کە بوونە سوتەمەنی شەڕەکان وا هەست بکەن کە ووڵات ودەسەڵاتەکەی تەنها بۆ شەڕ نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر ئەوانی ناوێت، بۆیە ئەگەر بیانەوێت بەژیان ئاشنابن دەبێت بڕۆن بۆ سەر زەمینێکی تر.

**ئاسۆی گەنج:** پێت وانییە هەر جیهان بەگشتی لە کاڵبونەوەیەکی ئینتیمادایە، لە فۆڕمە تەقلیدیەکەی، گەنجی کوردیش بەشێک بێت لە گەنجی دونیا، دەکرێت وەک دیاردەیەکی جیهانگیری حیسابی بۆ بکەین، نەک تەنها بێزاری لە دۆخی کوردستان؟

سەردار عەزیز: ئەمڕۆ چەمکی جیهانگیری بووە بە دەرمانی دەردان، پانەسیا وەک یۆنانیەکان دەڵێن. هەموو شتێک لێک ئەداتەوە وبۆ هەموو شتێک ئەشێت. خەڵکی کورد ئینتمای کاڵ نەبوەتەوە.

کەسێک ئەتوانێ لە کوردستان دوورکەوێتەوە بەڵام گرانە بتوانێ کوردستان لە خۆی دووربخاتەوە. ئامادەبوونی هەمیشەیی ووڵات بەشێکی دانەبڕوای غوربەتە. دیارە ژیان لە کوردستان ژیانە لە کونجێکدا. مرۆڤیش بە سروشت حەزی بەژیانە لە دونیادا. بەڵام کە مرۆڤ دەیەوێت بێتە دونیاوە هەردەم پێویستی بەناسنامەیەکە. هەر ئەم پێویستیە وەهای کردووە کە هاوشان لەگەڵ جیهانگیریدا ناوچەگەریتی گەشاوەتەوە. ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو ساتێکی تر لە مێژوودا ووڵاتان بەرە وئەوە ئەڕۆن دەسەڵاتی ناوەندیان کز بکەن لەبەرامبەر دەسەڵاتی فیدراڵی یان لامەرکەزی. وەک ئەوەی لە عیراق دەیبینین.

لێرە لە ئایرلەندا کە ئابوری خراپ بوو هەمووان کۆچیان دەکرد، ئێستا کە ئابوری گەشایەوە هەموو کۆچی بۆ ئەکەن. ئەگەر گلۆبالیزم دونیای بچوک کردووەتەوە ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە شوێن بێ نرخ بووە یان جیهان بووەتە یەک یەکە. ئەمڕۆ لە هەموو ساتێ زیاتر پارتە ڕاسترەو ورەگەز پەرستەکان لە ڕۆژئاوا لە گەشانەوەدان. من دڵنیام مرۆڤی کورد وەک هەموو کەسێکی تر لە دونیا حەزی لەوەیە لە دونیای بەریندا بژی. بەڵام ژیانێکی بە حورمەت، نەک ژیانێکی پەنابەری.

**ئاسۆی گەنج:** هەندێک پێیان وایە کە تەنها فاکتەری ماددی لە پشت ئەم دیاردەیەوە نیە، بەڵکو (نامۆبون)ێکە لە تاکی کورددا هەیە لە ناونیشتمانەکەی خۆیدا، بەڕای ئێوە ئەمە تا چەند دروستە؟

سەردار عەزیز: نامۆبون چەمکێکی فەلسەفی قوڵە، یەکێک لە هەرە بەهێزترین لێکدانەوەکانی لێکدانەوەکەی (کارل مارکسە). ماکس دەڵێت: مرۆڤ توشی نامۆیی دەبێت کاتێک ئەو بەرهەمەی بەرهەمی دەهێنێت بۆ ئەو نابێ. ئەگەر ئەم تێڕوانینە بکەینە کوردی ئەوا دەڵێین: ئەگەر مرۆڤی کورد لە کوردستاندا نامۆ بێت لەبەرئەوەیە چونکە بە بەرهەمی کوردستان نامۆیە، بە داهاتی کوردستان نامۆیە، بە پیادەکردنی دەسەڵات لە کوردستاندا نامۆیە. نامۆیی قوڵترین ڕەگی لە ئابوریدایە. ئەگەر تۆزێک ئەم تیۆرە گەشە پێ بدەین ولەگەڵ کۆمەڵناس وفەیلەسوفی فەرەنسی (پییەر بۆردیودا) بیرکەینەوە، بەلای بۆردیووە سێ جۆر لە سەرمایە هەیە، سەرمایەی ئابوری، سەرمایەی کەلتوری (چەندێک زانیاریت هەیە)، وە هەروەها سەرمایەی سیمبولی یان ڕەمزی (چەندێک خەڵک ئەتناسی یان چەندێک خەڵک ئەتناسێ). بەمانایەکی تر بۆ ئەوەی کەسێک لە کۆمەڵگادا سەرکەوتوو بێت پێویستە یەکێک لەم سەرمایانەی هەبێت لەهەمان کاتدا بتوانێ لەمیانەی بەکارهێنانیدا ئەو دوو جۆرە سەرمایەکەی تر بەدی بێنێ. بۆ زۆرینەی لاوی کورد ئەم سەرمایانە موستەحیلن بۆیە لە دەرەنەجامدا بە کەسێکی سەر بە کۆمەڵگا خۆی لەقەڵەم نادات.

**ئاسۆی گەنج:** ئەم دیاردەیە تا چەند زیانی دەبێت وکاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگە؟

سەردار عەزیز: زیانی ئەم دیاردەیە بێ شومارە. کوردستان پێویستی بە مناڵەکانیەتی بۆ بونیادنانەوەی. پێویستی بە بازو وهێزە، پێویستی بە عەقڵە، پێویستی بە نەوەکانیەتی بۆ ئەوەی درێژەی پێبدەن، تیا بژین نەک لێی هەڵبێن. ڕەنگە کۆچ هەندێک کاریگەری ئیجابی هەبێت بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەری سلبی زۆر زۆرە.

**ئاسۆی گەنج:** ئەگەر زیانی هەیە، چارەسەر لەدیدی ئێوەوە ئەگەرێکی نزیکە ومومکینە بکرێ؟

سەردار عەزیز: ئەگەر کوردستان بکرێتە ماڵی کورد، دەسەڵاتێکی دیمەکراتیانە، بەخشینی هیوایەک بە داهاتوو. ئەگەر کەسێک بەردەوام کار بکات، نەتوانێ ژن بێنێت، نەتوانێ ببێتە خاوەن خانوو، نەتوانێ بە حورمەتەوە بژی، ووڵات نابێتە وڵاتی ئەو. لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانی کۆمەلایەتی پێویستە بێتە ئاراوە. لەکۆمەڵگای کوردیدا ژن هێنان وەک خوێن مژین وایە. ئەوەی پێویستە بوترێت ئەگەر کوردستان دۆزەخ بێت ئەوا بە هیچ شێوەیەک ئەوروپا بە هەشت نیە. میدیای کوردی پێویستە کامێراکانی بباتە ناو شوێنە دیکنزیەکانی، تراژیدیاکانی، ژیانی پەنابەری کورد، نەک تەنها هەڵپەڕکێی وگۆرانی.



# کۆچکردنی گەنجان و بێزاریی لەژیانی کوردستان

دانا ڕزگار

لەوڵاتێکی بێپەناو بێمەڵکەنددا توێژی گەنج زۆر بێزارو بێئومێدە لەداهاتووی و هیچ گرەنتییێک نییە ژیانێکی ئارام لەم کوردستانەدا دابین بکات و دڵنیایی مسۆگەربوونی ژیانێکی بێ رەشبینی بەدەستەوە بدات، گەنجی ئەم سەردەمە گەنجی سەردەمی شۆڕش و راپەڕینەکان نییە بەڵکو گەنجێکی نوێیە لە رووی پێشکەوتن و رۆیشتن بەرەو ئامانجی جیهانگیری نەک لە رووی فیسۆلۆژییەوە، لەم باشوری کوردستانەدا لەچاو بەشەکانی دیکەدا کە گوایە گەنج ئازادە بەڵام بەپێچەوانەوە گەنج ئازاد نییە چونکە ئازادی هەر کارکردن نییە بەئازادی و قسەکردن بەئازادی بەڵکو گوێ لێگرتنیشە، بەو دوانە ئەوجا ئازادییەکە فەراهەم دەبێت، کەواتە ئەگەر گەنج داواکاری هەبوو؛ پێویستە لەسەر دەسەڵات جێبەجێیبکات!! دیموکراسیش کەباسیلێدەکرێت تەنها دیموکراسییەکی رووکەشەو لەناوەوە بێبنەمایە واتا پەیڕەو ناکرێت و تەنها بەقسە دەوترێت، ئیتر گەنج چۆن خۆی قوتار ناکات، چۆن هەڵنایەت لەدەست ئەم دەسەڵاتەو لەدەست ئەم کۆمەڵگایە کەئافرەتیش بەمرۆڤ نازانێت، ئیتر ئەم مەخلوقە چۆن باڵنەگرێتەوە بۆ هەڵفڕین و رزگاربوونی لەم مەملەکەتە ناهەموارەو نیشتنەوە لەمەملەکەتی ئاواتەکانی کە ئەو ئاواتانە هەمووشی بەدی نایەت. دەبێت بەشێوەیەکی مێژوویی بزانین گەنج کێ بووە لەناوچەکەدا، لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە دیاردەی کۆچکردن و هەڵهاتن لەکوردستان و عێراقیش دەستیپێکرد بەشێوەیەکی نادیار ئەوەش لەو کاتەدا هۆکارەکەی روونە کە بەهۆی سیاسەت و جیاوازیی نەتەوەیی و ئارامنەبوونی عێراق و کوردستان لەدەستی رژێمی منداڵانەی بەعس، ئەو کۆچکردوانەش زیاتر لەنیوەیان گەنج بوون کە بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەچوون، بەڵام دوای ئەوەی راپەڕین هاتەکایەوەو پێشتریش کەبەرەی کوردستانی دامەزرابوو هەموو حیزب و لایەنەکانی کوردستانی تێدابوو بۆ ئەوەی دژ بەهێرشە ناکاوەکانی بەعس بووەستنەوە بۆ شەڕکردن و هێرشبردن، هەرچی پێشمەرگەی لایەنەکان بوو زۆربەیان گەنج بوون، کەواتا گەنج رۆڵی کاریگەری هەبووە لەڕەوتی گەشەکردنی کوردستاندا، ئەو گەنجانەش کەبەشداری شۆڕش نەدەبوون ناچار هەڵدەهاتن بۆ ئەوروپا کەزیاتریان خەریکی تەواوکردنی خوێندن بوون و بۆیان تەواو نەدەکرا بەهۆی ناسەقامگیری و پەرەسەندنی گۆڕانکارییە سیاسیەکان و بوونی هەواڵگری بەعس بەنهێنی لەکوردستاندا (کە جاشەکان بوون)، دواتر کاتێک پەرلەمانی کوردستان دروستبوو هەر ئەم پەرلەمان و یاسایەی ئێستا بوو بوونی گەنج ناسەلمێنێت لەبەرئەوەی لەپەرلەماندا ئەگەر باسی گەنج بکرابایە و ئێستاش باسی بکرێت هەمان وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە کە هەموو کاتێک دەڵێت "گەنج هەموو پێداویستییە وەرزشیەکانیان بۆ دابین کراوە" کەچی دابینیش نەکراوە یان هەرکاتێک باسی گەنج بکرێت پەرلەمانتاران وا دەزانن باسی وەرزش دەکەن و گەنج تەنها بۆ وەرزش کراوە نازانن گەنج هەستی بەبوونی خۆی هەیە و بنیاتنەری ژیانە دواتر لەکاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا کەئەکرێ بەکیمیابارانەکەی هەڵەبجە لەقەڵەم بدرێت چونکە لەو شەڕەشدا هەروەکو کیمیابارانەکە نزیکەی پێنج هەزار کەس بوونەتە قوربانی دەستی کورسی، هەمدیسان بەشی زۆری ئەو قوربانیانە گەنج بوون کەوابوو گەنج چەکی دەستی حیزبەکان بووە بۆ براکوژی، بەڵام با زیاتر لاپەڕە رەشەکانی باشور هەڵنەدەینەوە هەرچی کاتێک دەسەڵاتی لەدەست بووە خۆی لەناو خۆیدا هەرەسی هێناوەو شکستی خواردووە، دوای تەواوبوونێکی سەختی شەڕی براکوژی و کۆتاییپێهێنانی لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە، گەنجیش توایەوە وەکچۆن وتیان کورد لەساڵی ١٩٧٥ توایەوە، تا ئێستاش هەموو بەرپرسێک یەکەم دوژمنی گەنجەو بەهێڵی سور لەقەڵەم درا لەگۆڕانکارییە سیاسیەکاندا بەجۆرێک کە هەر بەرپرسێک دروشمی بەکورسییەوە لکانی بۆخۆی هەڵدەکرد لەبەرئەوەی گەنج دەسەڵات نەگرێتەدەست، چونکە گەنج خوێنگەرمەو شەڕی تر دەنێتەوە! لەکاتێکدا پیرەکان خۆیان شەڕیان هەڵگیرساند بەڵام گەنجی ناچار ئەنجامدەری بوو، خۆشبەختانە ئەو عەیامە نەماوە گەنج کۆپی بکرێت بۆنانەوەی هەرشەڕێک دژ بەبراکەی ئەگەر بەرپرسەکانیش بیکەنە شەڕ (بەڵام هەر لەڕێگەی چەند ڕێکخراوێکەوە کۆپیکردنی گەنجی سیڤیل بەردەوامە)، کەوابوو گەنج بەگشتی لەم دەوروبەرەی تێگەیشتووە، بەڵام لەوڵاتەکەی تێنەگەیشتووە کە بۆ رێگیرە لەدروستکردنی پەرلەمانێکی گەنجان بۆ ئەوەی بزاڤی گەنجایەتی دیاری بکات و سەنگی ئەزمونەکانی رابردووی لەبیر نەچێت ئەویش بەلابردنی کاریگەری کۆمەڵگاو سەپاندنی کاریگەری گەنجان بۆ سەرخستنی وڵات لە قەیرانەکانی کە هەرهەمووی لەتوانای هەموو تاکێکی گەنجدا هەیە، بەڵام و هەزار بەڵام هیچ بەرپرسێک (لەهەر پلەیەکدا بێت) بەبای خەیاڵشیدا نایەت کەخۆشی گەنج بووەو خۆی گەیاندوەتە ئەم بەرپرسیاریەتییە، بەڵکو زوربەیان خەریکی گەندەڵیین و بەخویانیش نازانن، گەندەڵچیەکانیش هەر لەبناغەوە پەروەردەیان تەواو نییە کەواتا ئەمەیان دەگەڕێتەوە بو باری خراپی پەروەردەیەکی کومەڵایەتی تاڵ وگرژ کە تائێستا هیچ گەنجێک لەپەنای ئەم کۆمەڵگایەدا نەحەساوەتەوەو زۆر لەشتەکان کراون بەعەیبەو بقە کەلەوانەیە وڵاتانی ئەوروپا وا نەبێت (بەڵام خۆ ئەوانیش کولتوری خنکێنەریان تێدایە) وەکئەوەی لەسوید هەیە.

زۆربەی ئەو گەنجانەی کە لەسەرەتا نادیارەکانی کۆچکردنەوە بەسەرکەوتوویی لەهەندێ وڵاتی ئەوروپی ئیقامەیان پێدرا کەبەمەستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە، روویان لەو وڵاتانە کرد کەبەشێکی کەمیان زۆر خراپ لەکولتوری ئەو وڵاتانە گەیشتوون و تائێستا بەردەوامن لەبەدەستهێنانی (بڕوانامەی بەهێز!) بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ لەو وڵاتانە مەرجی زۆر قورسی لەسەر ئەو پەنابەرە رۆشنبیرانە داناوە کەدەبێ کلتوری ئەو وڵاتانە لەوڵاتەکەی خۆیان لە (کوردستان) پەیڕەو بکەن و فێری خەڵکییان بکەن ئەوجا بڕوانامەکەیان پێدەبەخشن، ئەویش وەکو نووسەرێک ناچار دەستدەکات بەبڵاوکردنەوەی نەریتی ئەو وڵاتەو خەڵەتاندنی خەڵکی بەنووسینەکانی ئەوانەش هەندێ نووسەرن لەکوردستان، لەئەنجامی ئەم کارەدا کە بۆ مەرامێکی تایبەتی خودی نووسەرە پەنابەرەکە لەوانەیە هەندێجار کوردێتی خۆی لەبیر بچێتەوەو بەردەوام خەریکی رەخنەگرتنی ڕوخێنەر بێت نەک چارەسەر لەدەسەڵات، بەڵام ئەو گەنجانەش کەبە زیرەکی و توانای خۆیان سەرکەوتن، هەندێکیان بوون بەپرۆفیسۆرو دکتۆر کە لەداهاتوودا سوودی زۆریان دەبێت بۆ کوردستان بەمەرجێ ئەگەر حکومەتی کوردستان بەدڵێکی فراوان و بەتاسەوە پێشوازیان لێبکات بەمسۆگەر کردنی ژیانیان لەکوردستان ئەگینا هیچ یەکێک لەو گەنجانە کەبڕوانامەی مەزنیان لەئەوروپا بەدەستهێناوە هیچ ئامادەنین بگەڕێنەوە ناو دۆزەخی کوردستان کەژیان تێیدا زۆر قورس و گرانە ئەگەر بێلایەن بن یان سەر بەلایەنێکیش بێت، ئیتر چۆن دەگەڕێنەوە؟ خۆ شێت نەبوون!

گەڕانەوەی گەنجان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک پێش ئێستا کە پڕۆسەی خەڵەتاندن بەکەناڵە ڕاگەیاندنەکان دەستیپێکردبوو، ئەو گەنجانەش هەندێکیان خاوەن خێزانن و لەگەڕانەوەیان پەشیمانن چونکە زۆر نائومێدن، بەڵکو زۆر دڵنیان لەوەی کە لەم مەملەکەتەدا گوزەری ژیان مەحاڵەو دەستکەوتنی بەختەوەری گرانە کە تەنها بۆ کوڕی بەرپرس و وەزیر ئاسانە ئەوانی دی بێبەشن و هەژارن!! شایانی وتنە ئەم وێنە دەستکردانەی کەپەنابەری گەڕاوە دەیانبینێت بەهیچ شێوەیەک خۆی نابینێتەوە لەچوارچێوەیدا مەگەر بەبناغەیەکی باشەوە گەڕابێتەوە بۆیە لەسەر حکومەتی نوێ پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر میکانیزمی دابینکردنی پێویستییەکانی پەنابەرە گەڕاوەکان بکات، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە چەند کۆمەڵێکی زۆری گەنج لەهەندێ لە شارەکاندا بەتایبەتی شارە سنوورییەکان کەزۆربەیان فێرخوازن لەبەرنامە دارشتندان کە کۆچ بکەن و هەڵبێن لەدەست ئەم یاساو کۆمەڵگایەو بەتەمای بەدەستهێنانی ژیانێکی باشترن لەوڵاتێکی باشترو لەبیرچوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی وڵات و دەربڕینی بێزاری لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردە کە هەریەکەیان فاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتنی وڵاتێکە، بەڵام لەکوردستاندا هیچیان بەباشی بەڕێوە ناڕوات، هیچیان کاریگەریی باشیان نەبووە بۆیە نەوەی نوێ زۆربەی ناتوانێت بەرگەی ئەم دارمانە دەروونیانە بگرێت و ناچار پەنا دەبات بۆ دەرەوەو زۆربەشیان بەدڵنیایەوە سەرناکەون و وەک ئاشکراشە زۆربەیان سنورداش دەکرێن، ئەم کۆچڕەوەش لەبەر نەبوونی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و بۆ حکومەتێک کەبەردەوام گەنج پشتگوێ و پەراوێز دەخات، لە چەند مانگی رابردوودا کۆنفراسێکی بەناو نیشتیمانی لەڕۆژی لاواندا بەسترا تەنها بۆ گەنجانی سلێمانی و هەولێر (هەر کەسێکیش ئەم قسەیەی پێ سەیرە با سەردانێکی گەرمیان بکات)، بەبڕوای من ئەم کۆنفراسە وەکو هەندێ کۆنفراسی دیکە تەنها ڕووکەشەو بۆ کپکردنەوەی لاوانە بۆ ئەوەی ئیتر خۆپیشاندان نەکەن، ئەبێ ئەوەش بزانین کە سەرۆکی حکومەت خۆشی گەنجە بەڵام نازانین تا ئێستا بۆ ئاوڕێکیش لەگەنج ناداتەوە بەشێوەیەکی گرنگ و چالاک و جیاوازی نەکردن لە نێوان شارەگەورەکان و شارەبچوکەکان کە لەشارە گەورەکاندا فێرگەی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و . . . تاد جۆرەها سەنتەرو بینای تایبەت دەکرێنەوەو لەناوچەکانی گەرمیاندا بوونیان نییە! ئەمەو چەندان جیاوازی دیکە بەزەقی دیارن کە دەبێت حکومەت ئەو جیاوازییانە نەهێڵێت و هەرچی خزمەتێک لەشارێکدا بکرێت پێویستە لەهەموو شارەکانی تریش هەبێت!! زۆربەی ئەو خزمەتانەش کەکراون لەناوچەکانی گەرمیاندا تەنها بۆ حکومەت کراوە بەجۆرێک کە پارک دروستکراوەو دەرگاکانی داخراون و تەنها بەپۆلیسی ئەو شارە رەوایە بچێتە ناوییەوە وەک ئەوەی لەکفری هەبوو، بەڵام خۆ ئێستا کراوەتەوەو کەپری لێیەو کورسی لێ نیە! ئەمەش مانای ئەوەیە "بەڕێزان لەسەر خۆڵەکە دابنیشن" ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پارە خواردن، لەپێشەوە تەماشای ئەو باخچەیە (پارک!!) بکەی ئەڵێی پارکە نائازادەکانی سلێمانی و هەولێرە، کە بچیتە نیوەی دووەمی باخچەکە خۆت لەبیابانەکانی ڕۆژئاوای بەسرەدا دەبینیتەوە، دروستکردنی سەنتەریش بۆ گەنجان زۆر پێویستەو چەندجارێک جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی ئەو شارانەی کردووەو ئەولەوییەتی ئەمسالی دیاری کردووە کەوا خەریکە ساڵ تەواو دەبێت و سەنتەری گەنجانیشمان نەدی! (با پیر بین ئەوجا) بۆیە گەر ئاوڕێک نەدرێتەوە لەهەموو شارەکان دڵنیابن ئەی حکومەت ئەوا سیناریۆی ٨/٥ و تاد.. دووبارە دەبێتەوە کەحکومەتیش لەو دەمەدا بەتیرۆریستیان ناو دەبات کەدەستێک لەپشتی ئەو خۆپیشاندانانەوە هەبێت کەچی هەموویان گەنجی ئەو ناوچەیەن (ئەی بۆ وترا دەست لەپشتیانەوە هەیەو ئازادیش کران.(!

"لاو" مەحەکی گۆڕانکارییە لەم ڕۆژەدا! بۆیەپێویستە حکومەت ئاسانکاری بکات بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی لاوان نەک پەرلەمانی گەنجان کەحکومەت بەهەڵە لێی تێگەیشتبوو تا ئاسانکاری بۆ گەنجی ئەم وڵاتە بێ نازە بکات و چیدیکە وڵات بەجێنەهێڵن.



شەڕی دەسەڵات بە گەنجەکان کرا، کەچی پیرەکان بردیانەوە